بەش :بایۆلۆجی

کۆلێژ : پەروەردە – شقلاوە

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : بینین وڕێگاکانی وانە وتنەوە

ناوی مامۆستا : م. ی. حسن رسول حسین

پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر

سالی خوێندن : 2023/ 2024

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کۆرسی سالآنە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | م.ی حسن رسول حسين |
| 3. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی شەقلاوە/ بەشی بایۆلۆجي |
| 4. پەیوەندی | 07504478408 hasan.hussin@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | **تیۆری: 3**<br>**پراکتیک: 3** |
| 6. ژمارەی کارکردن | **ئامادەبوونی ماموستایی وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا .**<br><br>**لەحەفتەیەکدا بەنزیکی 3-2 کاتژمێر قوتابییەکان سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بۆ ئاشنا بوون لە چونیەتی وانەووتنەوە و قسەکردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەکەوە، ئەمە جگە لە 3 سەعات وانەی تیوری دەخوێنن .** |
| 7. کۆدی کۆرس | **نیە** |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ▪ **من وەکو مامۆستای یاریدەدەر لە ڕێکەوتی 1977/8/18، وەك فەرمانبەر لەسەرمیلاکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار دامەزراوم, ،دواتر درێژەم بە خوێندن داوە ، و لە سالّی ٢٠٠٩-٢٠١٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم بەدەست هێناوە لە بەشی زمانی عربی کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلآحەددین، بە پلەی دووەم لەسەر ئاستی بەش، و پاشان لە خوێندنی بالا(ماستەر) وەرگیرام لە سالّی ٢٠١٥بڕوانامەی ماستەرم بەدەست هێناوە لە زمانی عەرەبی بە پلەی نایاب, ماوەی ٤ سالە وانە دەڵێمەوە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە.** |
| 9. وشە سەرەکیەکان | **مامۆستا ، قوتابی ، پۆلینکردن ، تەکنیك وهۆیەکانی فیرکردن، ئامانجە تایبەتیەکان ، شێوازی وانەوتنەوە، قوتابخانە ، فێربوون .** |

10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

**گرینگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هۆکاری ناساندنی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بەش و ڕەگەز و پێکاتەکانیان بە قوتابیان وهەروەها ئەرك وكاری مامۆستا لەم پرۆسەیەدا.**

**هەروەها سەبارەت بە ژینگەی پەروەردەیی هۆکارێکە بۆ فێربوونی قوتابیان ولەلایەکی دیکە ئاشناکردنی قوتابییان بە ئامانجە**

پەروەردیی و فێرکارییەکان کە خۆیان لە ئامانجە (مەعریفیی و ویژدانیی و دەروون جوڵەیی)یەکاندا دەبیننەوە. ئەمەش لەپێناو ئاشنابوونی زیاتری قوتابییان تاوەکوو مامۆستایەکی سەرکەوتوویان لێ بەدی بێت . هەروەها لە پێناو ئەم ئامانجانە تێبکۆشن . وهەروەها دانانی پلانی رۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەگرنگ وەرگیراوە. هەروەها فێربوونی چۆنێتی دانانی دەفتەری پلانی رۆژانەو کارپێکردن و کارکردن لەسەری .

وە پێویستە لێهاتوویی لە کۆنترۆڵکردنی پۆل و کارامەیی لەبەڕێوەبردنی پۆلدا و زانینی هونەرەکانی مامەڵەی باش و دادپەروەرانە وەزانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا دووبابەتی تری گرینگن بۆ مامۆستا.

شیکردنەوەی بەشێکی زۆر لە کێشە پەروەردەییەکان و فێربوونی هونەری چارەسەکردنیان لای مامۆستا .

شارەزابوونی قوتابی لە چۆنیەتی دانانی پرسیارەکان و پێوەرە گونجاوەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان بەشێوازێکی گشتی .

، تا بتوانن لەپیشەی مامۆستایەتی بەکاری بێنن و کەسایەتیەکی سەرکەوتووی نێو کۆمەڵگە بن .

**11.** ئامانجەکانی کۆرس :

1- ئاشنا کردنی  قوتابیان بەبنەما گشتیەکانی کاری وانەوتنەوە ، وەك پێداویستیەك تا لە کاری مامۆستایەتی بەکاری بێنێ و سوودی لێوەربگرن .

2- ئاشناکردنی قوتابیان بە  ڕێگا کۆن و نوێیەکانی وانەوتنەوە ، لەبەر ئەوەی  مامۆستای وانەبێژ دەبێت ئاگاداری گشت لایەنێکی وانەوتنەوە  و ڕێگاو شێوازەکانی ئەم کردارەبن .

3- ئاشناکردنی قوتابیان بەو کێشەو بەربەستانەی دێتە بەردەمیان لەپێشەی مامۆستایەتی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی .

4- ئاشناکردنی قوتابییان لەسەر چۆنێتی وتنەوەی بابەتی بایۆلۆجی، بەو پێیەی داهاتوویان کە مامۆستایەتیە لەقوتابخانە بنەڕەتیەکان و ئامادەیەکان .

5- ئاشناکردنی قوتابیان بەسەرچاوە سەرەکیی و سوودبەخشەکانی ئەم بابەتە .

**12.** ئەرکەکانی قوتابی:

پێویستە قوتابیان و خوێندکاران بە بەردەوام و بەبێ پچڕان درێژە بە کاری ئەکادیمی سەرشانی خۆیان بدەن و لە پرۆسەی فێرکرد ن و فێربووندا دانەبڕێن، نووسینی راپۆرتی پۆل و وتار نووسین و بەشداریکردنیان لە وەرزی رۆشنبیری . جگە لەوانە پێویستە قوتابیان و خوێندکاران گرنگی بە ئامادەبوونی خۆیان بدەن لە هاتنە ژوورەوەی هۆبەکانی خوێندن و بەشداریکردنیان لە هەموو چالاکییەکانی ناو پۆل و ناو کۆلێژ بە شێوەیەکی گشتی . چونکە ئەمە خاڵێکی گرنگ و بڕاوبڕە و یەکلایی کراوەتەوە . لەسەرووی هەمووشیانەوە دەبێت خوێنداران و قوتابیان بەبەردەوامی ئاگایان لە پرۆگرام و مەنهەجی ساڵانەی خوێندیان ببن لەوەی کەلەسەر شانیانە بۆ خوێندنی ئەم ساڵیان . ئەوەش بۆ ئەوەیە کە چییان لێداواکراوە و چییان خوێندووە ، دەبێ تاقیکردنەویان پێ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند پرۆسەی خوێندن لەو ساڵەدا بەرەو پێشەوە چووە و ڕەنج و ماندووبوونی هیچ لایەك بە فیرۆ نەڕوات .

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

1- ڕێگای گفتوگۆ .

2- ڕێگای پرسیار و وەڵام .

3- ڕێگای پراکتیکی ..

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن

★ (40٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

1. 20٪ تاقیکردنەوەی یەکەم
2. 15٪ تاقیکردنەوەی دووەم
3. 5 نمرە لسەر بەشداریکرنی رۆژانە

★ (60٪)ی نمرەکان تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ .

**15.** دەرئەنجامەکانی فێربوون

**قوتابی ئازیز...**

- تەواوکردنی ئەم کۆرسە لەڕووی دەروونیەوە کاریگەری باشی هەیە بۆ متمانەبەخۆبوون ، ئامادەیی ویژدانی و شەیدایی بۆ کارکردن لە پیشەی مامۆستایەتیی. ئەمەش بە هۆی شکاندنی بەربەستەکانی وەك ترس و شەرم لەکاتی گفتوگۆ و بەشداری و پێشکەشکردنی بابەت.
- ئەم کۆرسە فێری مامەڵەکردنت دەکات لەگەڵ جیاوازییەکاندا. هەروەها هانت دەدات کە کارلێکی باش و تەندروست ئەنجام بدەیت لەگەڵ ئەو شوێن و ناوەندەی کە تێیدا کاردەکەیت لەدووا ڕۆژدا .
- دوای پابەندبوون بەم کۆرسە قوتابی ئامادەیی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کەوا لەهەر شوێنێك هەلی کار هەبێت نزیك لەتایبەتمەندییەکەی، ئەم لێی سوودمەند بێت و بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**16.** لیستی سەرچاوە


**یەکەم/ سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**

1. بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە ، کەریم ئەحمەد عەزیز، هەولێر/ چاپخانەی نارین ـ 2014
2. مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟ محەمەد صالح پێندرۆیی، هەولێر/ چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم ـ 2010
3. سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەولێر/ چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم ـ 2008
4. المدخل إلى طرائق التدريس العامة، أ. د. فاضل خليل إبراهيم، دار إبن كثير للطباعة والنشر/ جامعة موصل ـ 2010.
5. طرق التدريس العامة، د. عبدالرحمن عبدالسلام، دار المناهج/ عمان ـ 2001.
6. طرائق التدريس: منهج - اسلوب - وسيلة، د. ردينة عثمان الأحد ، د. حذام عثمان يوسف، دار المناهج/ عمان ـ 2004.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1) المرشد المعاصر إلى أحدث طرائق التدريس وفق معاير المناهج الدولية، د. نعمان عبدالسميع المتولي/ دار العلم والإيمان ـ 2012.
2) الموسوعة الحديثة في التربية والتعليم : اعداد المعلمين-التخطيط التربوي-الإدارة المدرسية-الإشراف التربوي ، د. محمد عبدالعزيز الشفوي ، د.طنطاوي دنيا ، د. نجوى طارق جادالله ، محمود حسين جميل ، دار العلوم الحديثة، الطبعة الرابعة،

موصل ـ 2000.

3) مراعاة مبادئ الفروق الفردية وتطبيقها الملية في تدريس التربية الإسلامية ، د. ناصر أحمد خوالدة ، يحيي اسماعيل عبد ، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2005.

4) معلم الصف وأصول التدريس الحديث، د. عبدالقادر مراد، دار الأسامة/ عمان ـ 2005.

5) أساليب وطرق التدريس اللغة العربية وإعداد دروسها اليومية بالأهداف السلوكية، د. فؤاد أبو الهيجاء، دارالمناهج/ عمان ـ 2001.

6) الإستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال ، محسن علي عطية ، دار الصفا/ عمان ـ 2008.

7) كفايات التدريس : المفهوم-التدريس-الأداء ، د. سهيلة محسن كاظم فتلاوي ، دار الشروق/ عمان ـ 2003.

8) علم النفس التربوي ، د. رؤوف محمود القيسي، دار الدجلة ، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2008.

9) إدارة الصف المدرسي ، الأسس والإجراءات ، د.طارق عبدالحميد البدري ، دار الثقافة/ عمان ـ 2005.

10) إدارة الصف المدرسي ، أمل عبدالسلام خليلي ، دار الصفاء ، طبعة الأولى/ عمان ـ 2005.

11) التربية العملية بين النظرية والتطبيق ، د. محمود حسان سعد ، دار الفكر ، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001.

12) أساسيات في التربية العملية ، د. عمر عبدالرحيم نصرالله ، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ 2001.


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم :** ڕەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن: مامۆستا ، بابەت و پرۆگرام ، ڕێگەو شێوازەکانی وانەبێژی ، قوتابی ، قوتابخانە.<br>**هەفتەی دووەم :** ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان : ئامانجە مەعریفییەکان ، ئامانجە ویژدانییەکان ، ئامانجە دەروون جوڵەییەکان.<br>**هەفتەی سێیەم:** وانەبێژیی چالاک ، (التدريس الفعال) و مەرج و پێداویستییەکانی.<br>**هەفتەی چوارەم ، هەفتەی پێنجەم:** ناسینی کێشە پەروەردەییەکان و لەبەرچاوگرتنی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان، نموونەی ( قۆپییەکردن - ئامادە نەبوون — شەرمکردن - جوڵەی زۆر - شەڕانگێز...)<br>**هەفتەی شەشەم :** هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە. هەروەها چۆنێتی دانانی دەفتەری پلانی ڕۆژانە .<br>**هەفتەی حەفتەم :** تێگەیشتن لە جیاوازی تاکیی و پێوەری بابەتیی بۆ پۆڵێنکردنی قوتابییان و ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانیان لە کرداری فێرکردندا .<br>**هەفتەی هەشتەم :** لێهاتوویی لە کۆنترۆڵکردنی پۆل و هونەرەکانی مامەڵەی دروست لە بەڕێوەبردنی پۆلدا.<br>**هەفتەی نۆیەم :** زانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا.<br>**هەفتەی دەیەم :** هۆشیاری بایەخی کات و هونەری دابەشکردنی بەپێی گرنگیی و بایەخی بەشەکان.<br>**هەفتەی یازدەم :** زانینی چۆنێتی پرسیاردانان و پێوەرەلەبارەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان. | حسن رسول حسين |

| | |
|---|---|
| | **هەفتەی دوازدەم :** ڕاڤە و پێناسەو سنووری چەمکەکان:ڕێگەی وانەبێژی (الطريقة) ، شێوازی وانەوتنەوە (الأسلوب) ، ستراتیجی وانەوتنەوە (الإستراتيجيه) ، پەروەردە (التربيه) ، فێرکردن (التعليم) ، وانەبێژی (التدريس)) .<br>**هەفتەی سێزدەم :** ڕێگەی ئامادەکاریی (طريقةالمحاضرة –Lecturing method)، پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.<br>**هەفتەی چواردەیەم :** ڕێگەی گفتوگۆ (طريقة المناقشة–Discussing method)، پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.<br>**هەفتەی پازدەم:** ڕێگەی فێرکردنی بەهەرەوەزی (التعلم التعاونی method - Cooperative learning) پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.<br>**هەفتەی شازدەم:** ڕێگەی پرسیارو وڵام (طريقةالإستجواب– Questioning method) پێناسە، بنەماکانی، گرنگی ئەم ڕێگەیە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، باشییەکانی، کەم و کورتییەکانی.<br>**هەفتەی حەڤدەم :** ڕێگەی دابارانی هزر (عصف الذهني– Brainstorming method)، پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەیەو بایەخ و گرنگییەکانی.<br>**هەفتەی هەژدەم :** ڕێگەی بیرکردنەوەیی (6) کڵاو، (قبعات التفكير الست - Six thinking hats method)، پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەیەو بایەخ و گرنگییەکانی.<br>**هەفتەی نۆزدەم :** ڕێگەی مۆدێلی فێرکاری (المجمعات التعليميه – instructional models ) پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەیەو بایەخ و گرنگییەکانی.<br>**هەفتەی بیستەم :** زانیاری پێدان و ڕاهێنانی قوتابییان لەسەر چۆنێتی ڕێگەکانی وتنەوەی بابەتی فیزیا و بایلوجی لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بەو پێیەی ئەم کۆلێژە مامۆستا ئامادە دەکات بۆ ئەم قوناغە . |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | **نییمە** |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. **پیناسەی ئەمانە بکە : ماموستا ، قوتابی ، ئامانجە رەفتاریەکان .**

2-**جیاوازی نیوان ئامانجە تایبەتی وئامانجە گشتیەکان بکە .**

3- **باس لە جیبەجی کردنی پلانی روژانە بکە**

4- **ڕاست و هەڵەکان دیاری بکە**

| |
|---|
| |
| 20. **تێبینی تر**<br>**پێویسته قوتابیان بەدوواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکانی پەیوەست و نزیك لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە.** |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ** |